# شکۆدار بێ 15ی ئاب ساڵڕۆژی راگەیاندنی حزبی رزگاریی کوردستان

**کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان!**
**کرێکاران، بەشمەینەتان!**
**ئەندام و دۆستانی حزبی رزگاریی!**

لاتان شاراوە نیە کە 15-8-1993 بۆ بەرزراگرتنی ئالآی سەربەخۆخوازی و پێداگرن لەسەر ژیانی فرەحزبی، بەمەبەستی نۆژەنکردنەوەی پارتی گەل، حزبی رزگاریی کوردستان راگەیەندرا. راگەیاندنی رزگاریی بەتەنیا بەردەوام بوون و موکڕبوونی کاروانی خەبات و تێکۆشانی دەستەیەک کادرو پێشمەرگەی دێرین و حزبێکی خۆیا نەدەکرد، بەڵکو موژدەی هاتنە کایەی قۆناغێکی نوێی لە براقی رزگاریخوازیی بە کوردستانیان دەگەیاند، ورەو خۆڕاگری بۆ تێکۆشەرانی رێگەی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان دەگێڕایەوە، چونکە ئەوێ رۆژێ گۆڕەپانی سیاسی بەرتەسک دەکرایەوە، سەرکردەی رێکخراوەکانی هێڵی سێ هەناسە تەنگ و نائومێدانە لە داهاتووی خۆیان دەڕوانی، بۆ وەدەست هێنانی پلەو پایە کێبەرکێیان دەکرد، بەڵام بە راگەیاندنی رزگاریی تەمی ئەو نائومێدیە رەویەوە، بۆ رۆشنکردنەوەی داهاتووش چرایێکی نوێ داگیرسا. هەم پێداگری لەسەر دیاردەی فرەحزبی کرا، هەمیش بۆ جیاکردنەوەی سەنگەری دەستەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لەیەکتری هەنگاوی سەرەتایی هەڵگیرایەوە. بۆیە ئەمڕۆ لە ساڵیادی راگەیاندنی حزبی رزگاریی کوردستان دا پیرۆزبایی لە خۆمان و لە ئێوەو لە تێکڕایی سەربەخۆخوازانی گەلانی بندەست و هەرەشەلێکراو دەکەین، هەر بەو بۆنەیەشەوە سلاّوی ئەمەک و وەفاداری بۆ گیانی پاکی شەهیدانی رێگەی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان دەنێرین و پەیمانیان بۆ نوێ دەکەینەوەو تا گەیشتن بە کوردستانێکی سەربەخۆ و ئاواکردنی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر کاروانی تێکۆشان درێژەی دەبێ.

ئەمڕۆ، کاتێک کە ساڵیادی رزگاریی دەکەینەوە، ئاوڕێک لە رابردووی دەدەینەوەو چاوێک بە کارو هەڵوێست و رامانەکانی دا دەخشێنینەوە، بۆ هەموان ئاشکرا دەبێتەوە کە حزبی رزگاریی کوردستان زۆر راستگۆو خۆنەویستانە درێژەی بە خەبات داوە، پارێزگاری لەسەربەخۆیی بڕیارەکان دا کردووە، ئەگەر خزمەتێکی گەورەشی پێشکەش بە گەل و نیشتمانەکەمان نەکردبێ، بەڵام هەرگیز دەستی بۆ هێزی دەرەکی، بۆ ناحەزو دوژمنانی گەلەکەمان نەبردووە، هەرگیز نەبۆتە کۆسپێکی سەر رێگەی پێشکەوتنی کۆمەڵگە و بەشداری لەو نەهامەتیانە دا نەکردووە کە بەسەر کوردستانیان دا هێناوە، بەوهۆیەوە شانازی بە مێژووی رزگاری کە بەشێکە لە مێژووی نەتەوەکەمان دەکەین، بەڵێنیش دووپات دەکەینەوە کە هەرکات خزمەتگوزارو خۆنەویستانە لەپێناو سەرخستنی دۆزی رەوای گەلی کوردستان و لەپێناو گەیشتن بە نیشتمانێکی سەربەخۆ تێبکۆشین.

ئەمڕۆ کاتێک پێشوازی لە ساڵیادی رزگاری دەکەین کە هێشتا چارەنووسی باشووری کوردستان یەکلایی نەبۆتەوە، هێشتا رەوشی کەرکوک و ناوچە دابراوەکانی دیکە ئاسایی نەکراوەتەوە، هێشتا بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 هەنگاوێکی کردەیی هەڵنەگیراوەتەوە، بەوهۆیەوە بەنیگەرانیەوە لەو سیاسەتە دەڕوانین کە لەو بەستێنەدا بەرێوەدەچێ.

ئەمڕۆ کە خۆمان بۆ پێشوازیکردن لەساڵیادی رزگاری ئامادەکردووە، هێشتا کێشەو گرفت و قەیرانەکانی کارەبا، ئاو، سووتەمەنی و نیشتەجێبوون وەکو خۆیان و بێ چارەسەر ماونەتەوە، هێشتا دیاردەی رەشەکوژی ژنان لە هەڵکشان دایە، هێشتا دیاردەی گەندەڵی و خۆسەپاندن و هاوێرکاری درێژەی پێدەدرێ، هێشتا هەنگاوی ئومێدبەخش بۆ داهاتوو هەڵنەگیراونەتەوە، هێشتا سۆزو بەڵێنی بریقەدار بە گەل دەدرێ، بەوهۆیەوە خوازیارین کە دەستەڵاتی کوردستان پەلە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری دا بکات، سیاسەتی وەک هەقی بەرێوەببات، جیاکاری و هاوێرکاری بنبڕ بکات و بەیەکچاو لە تێکڕای چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و سەرجەم کوردستانیان بڕوانێ. خوازیارین کە سیاسەتی کراوە و روون پێڕۆ بکات، خوازیارین کە هێزە سیاسیەکانی کوردستان لە دەوری گوتارێکی هاوبەش کۆ بکرێنەوە، بەرژەوەندی باڵای گەل و نیشتمان سەر پشک بکرێ، حزب و حکومەت لە یەکتری جیا بکرێنەوە.

ئەمڕۆ کاتێک باس لە 15ی ئابی 1993 دا دەکەین، بە پێویستی دەزانین باس لەو هەنگاوانەش دا بکەین کە لە سایەی هەڵوێستی ئەو رۆژەدا هەڵگیراونەتەوە. هەڵوێستی رۆژی 15ی ئاب دیاردەی فرەحزبی لە باشووری کوردستان دا بەرەو قۆناغێکی نوێ برد، دوو تەوەرەیی هەڵوەشاندەوە و مەکۆی دەنگی نارەزایی لەهەمبەر شەڕی نێوەخۆدا ئاوەدان کردەوە، کوردستانیانی لە مەترسی و ئاکامەکانی شەڕی براکوژی و شەڕی دەستەڵات، لە هەرەشەکانی سیاسەتی پاوانکاری و بێباکی هۆشیارکردەوە. بۆ هەموولایەکی سەلماندەوە کە سیاسەتی راستین بە تەنیا لە سایەی بیروباوەڕو خۆڕگری و هەڵوێستی شۆرشگێرانەوە درێژەی پێدەرێ و پیلانەکانی ناحەزو پاوانخواز و دوژمنانیش پوچەڵ دەکرێنەوە. تەواوی ئەو بانگەشانەی بەدرۆخستەوە کە دەگوترا سیاسەت و حزبایەتی بەبێ پشتیوانی هێزێکی دەرەکی و بەبێ سەرچاوەی دارایی بەهێز تەمەن درێژ نابێ.

ئەمڕۆ کاتێک بەرەو ساڵیادی راگەیاندنی رزگاریی دەڕۆین، ئاسۆی ناکام بوونی وەدیهێنانی عێراقێکی فیدراڵ و جێگیربوونی حکومەتێکی ناوەندی لەبەغداد وەدیار کەوتووە، کێشەی دروستکردنی هەرێمەکان و دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان گەورەتر بوونەتەوە، مەرجی بەیەکەوە ژیانی پێکهاتەکانی عێراق سەختر بوونەتەوە، عێراق لە کوشتارگەیەکی بەرنامەدار دەچێ، کردەوە خۆکوژی و تەقینەوەکان ئارامییان لە شارەکان هەڵگرتووە، رۆژانە شەقامە گشتیەکان بە خوێنی مرۆڤ سوور دەکرێن، مرۆڤەکان لەسەر ناسنامەی خۆیان دەرفێندرێن، ئەشکەنجە دەدرێن و دەکوژرێن، رۆژانە تەرمی شوێندراوی بێناسنامە دەدۆزرێنەوە، حکومەتی بەغداد لە گرین زۆن دا گیری خواردووە، پەرێشانەو بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێ، ئەگەرچی سەرکردە سیاسیەکانی هێزە گەورەکان رووکەشانە کار بۆ یەکێتی خاکی عێراق دەکەن، بەڵام پێداگری لەسەر عێراقێکی یەکگرتوو لە خەونێکی خواستراو دەچێ و ناکام ماوەتەوە، هەر لەم پێوەندەدا ئێمە لە حزبی رزگایی کوردستان دا پێداگری لەسەر مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ باشووری کوردستان دەکەینەوە، بەرێوەبردنی ریفراندۆمیش بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی باشووری کوردستان لەگەڵ عێراق بە راست ترین و رەواترین و گونجاوترین و سەردەمانەترین چارەسەر دەزانین، دەخوازین کە کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان بەرێوەبردنی ریفراندۆم بکەن بە دروشمی خەباتی خۆیان و هەنگاوی کردەیی بۆ هەڵبگرنەوە.

لە پێوەندی 15ی ئاب ساڵیادی راگەیاندنی حزبی رزگاریی کوردستان دا جارێکی دیکەش پشتیوانی خۆمان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان دووپات دەکەینەوە، بە دەستکەوتێکی نەتەوەیی و نیشتمانیان دەزانین و پارێزگارییان لێدەکەین، بەڵام بۆ بەهێزکردنی سەنگەری ئۆپۆزیسیۆنێکی پۆزەتیڤ بەردەوام دەبین، جیاکردنەوەی سەنگەری دەستەڵات و ئۆپۆزیسیۆن بە مەرجی راستەرێکردنی ژیانی حزبایەتی لە باشووری کوردستان لێکدەدەینەوە و لە خزمەتی بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستانی دا دەبینینەوە. بەوهۆیەوە پەرۆشی نۆژەن کردنەوەو بەهێزکردنی **بەرەی گۆڕان**ین، ئێمە هیواخوازین کە هاوپەیمانانی رزگاری سەردەمانەو دیموکراسیانە رەفتار لەگەڵ گرفت و کێشەکانی ناوەکی و دەرەکی دا بکەن و چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە.

لە پێوەندی 15ی ئاب ساڵیادی راگەیاندنی حزبی رزگاریی کوردستان دا دووپاتی دەکەینەوە کە پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان مەرجی پێشختنی دۆزی رەوای کوردستانە، بەوهۆیەوە جەخت لەسەر پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەتایبەتیش لەگەڵ لایەنە سەربەخۆخواز و یەکسانیخوازەکان دەکەینەوە، لەپێناو بەهێزکردنی سەنگەری سەربەخۆخوازی تێدەکۆشین، ئامادەیی خۆمان بۆ پێکهێنانی هەرجۆرە چەترو بەرەو هاوپەیمانیەتێک رادەگەیەنینەوە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانیش دایالۆگ و دانوستاندن بە رەواترین و مرۆڤانەترین چارەسەر دەبینین.

* شکۆدار بێ 15ی ئاب.
* سەرکەوێ خەبات لە پێناو کوردستانێکی سەربەخۆ و گەلێکی بەختیار دا.

**مەکتەبی سیاسی**
**حزبی رزگاریی کوردستان**
2007-8-12

# سەرۆکی پژاک سەردانی ئەمریکا دەکات

هەواڵەکان ئاشکرایان کر کە حاجی ئەحمەدی سکرتێری پارتی ژیانی ئازاد سەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کردووەو خواستویەتی دیداری بەرپرسانی ئەمریکا، بە تایبەتیش وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بکات، بەڵام وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ڕایگەیاند کە گفتگۆی نێوان ئەم وڵاتە و پژاک، مومکین نیە، بەڵام وڵاتەکەی چالاکیەکانی ئەم گرووپەی بە وردی خستۆتە ژێر چاوەدێری خۆیەوە.

"عەبدولڕەحمان حاجی ئەحمەدی"، سکرتێری پارتی ژیانی ئازادی کوردستان کە نیشتەجێی ئەڵمانیایەو پاسەپۆرتی ئەو وڵاتەی هەیە سەردانی ئەمریکای کردبوو، بە واشنگتۆن پۆستی گوتبوو کە ئەو دەیەوێ دیداری بەرپرسانی ئەمریکا بکات و لەگەڵیان دا سەبارەت بە دژایەتیکردنی ئێران، بەڵێنی هاوکاری و پشتیوانیانە لێ بستێنێ. حاجی ئەحمەدی گوتبووی" ئەگەر ئەمریکا هاوکاریمان بکات، دەتوانین تاران بڕوخێنین!!" بەڵام بەگوێرەی زانیاریەکان ئەمریکا ئامادە نەبووە لە هیچ ئاستێک دا دیداری لەگەڵ بکات و لەگەڵیدا کۆببێتەوە.

حکومەتی ئەمریکا هاوپەیمانی تورکیایە، پارتی کرێکارانی کوردستان بە رێکخراوێکی تیرۆریست دادەنێ، لە گیران و ڕفاندنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی ئەو پارتە دا هاوکاری بەرچاوی پێشکەش بە تورکیا کرد، هەروەها پارتی ژیانی ئازاد لکێکی پارتی کرێکارانی کوردستانەو ئۆجەلان بە سەرۆکی خۆیان دادەنێن، بەڵام ئەمریکا پەکەکە بە تیرۆریست دادەنێ و پژاکیش وەکو هێزێکی رۆژهەڵاتی کوردستان چاو لێدەکات.



سەیر لەوەدایە کە وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا "شان مەککۆرمەک" لە وەڵامی پرسیارێکی رۆژنامەوانی تورک و نوێنەری کەناڵی ئێن‌تی‌ڤی تورکیا "ئۆمید ئەنگینسۆی" سەبارەت بە پژاک گوتی: هەرچەندە ناوی پژاک لە لیستی گروپە تیرۆریستیەکان دا نیە کە ئەمریکا ریزبەندی کردوون، بەڵام پێکهێنانی دیداری سەرۆکی پژاک و بەرپرسانی ئەمریکا مومکین نیە و چالاکی و جموجۆڵە سەربازیەکانی ئەم گرووپەش بە وردی لە ژێر چاوەدێری ئەمریکا دایە.

لەوەتەی هێزەکانی ئەمریکا پرۆسەی ئازادی عێراقیان بەرێوەبردووەو رژێمی بەعس و سەدام حوسێنیان رووخاندووە، بەشێک لە هێزە کوردستانیەکان هیواو ئومێدەکانی خۆیان لەسەر هاوکاری ئەمریکا دارشتووە، پێیانوایە کە ئەمریکا دەتوانێ هاوکاریان بکات و بە ئامانجیان بگەیەنێ، بەڵام چاودێرانی سیاسی و دڵسۆزانی گەلی کوردو بەشێک لە هێزە سیاسیەکانی کوردستان هاوکاری کردن لەگەڵ ئەمریکا بە زیان لێکدەدەنەوەو دەڵێن: ئەمریکا وڵاتێکی سەرمایەدارو بەرژەوەندخوازە، بایەخ بە مافی گەلانی بێدەوڵەت و داگیرکراو نادات، بەدوای سوودو قازنجی خۆیەتی، ئەگەر وانیە بۆ بۆ لێدانی کورد هاوکاری دەگەڵ تورکیادا دەکات؟! ئەگەر سیاسەتی ئیمپریالیزمی و بەرژەوەندخوازی ئەمریکا گۆڕانی بەسەردا هاتووەو دەیەوێ رێبەرایەتی جیهان بکات و سیستەمی دیموکراسی بە دیاری بۆ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببات، ئەی بۆچی لەبەرانبەر ئەو تاوان و ناهەقیانەی کە دەوڵەتی تورک دژ بە کورد ئەنجامی دەدات نقەی لێوە نایەت و هەوڵی پاراستنی مافی مرۆڤی کورد لە باکوری کوردستان نادات؟!

چاودێران پێیانوایە کە هێزە کوردستانیەکان دەبێ بە هۆشیارییەوە رەفتار لەگەڵ ئەمریکا بکەن، نابێ لەبیریان بچێ کە ئەمریکا لە زۆربەی ئەو کارەساتانەی بەسەر نەتەوەی کورد دا هاتووە بەشداری کردووە ، ئێستاش بۆ خاتری چاوی کورد نەهاتۆتە ناوچەکە، بەڵکو دەیەوێ سوود لە کورد وەربگرێ و بەرژەوەندەکانی خۆی پێ مسۆگەر بکات.

هیوا جەمشیدی


# جۆرج بووش رق لە مالکی هەڵدەگرێ

جۆرج دەبلیو بووش سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەمێکە دروشمی **ئەوەی لەگەڵ ئێمەدا نەبێ، دوژمنمانە و ئەوەی پەسنی دوژمنمان بکات ، دوژمنمانەی** بەرز کردۆتەوە، بەڵام نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی عێراق تا ئێستا لەو دروشمەی بووش تێنەگەیشتووەو پێیوابووە کە بۆشە، بۆیە لە سەردانەکەیدا بۆ تاران بێباکانە پەسنی کۆماری ئیسلامی ئێرانی کرد و رایگەیاند کە ئێران رۆڵێکی بنیاتنەر لە عێراق دەگێڕێ. ئەو قسانەی مالکی نەک هەر جۆرج بووشی تووڕە کردووە، بەڵکو لەبەرانبەر ئەمریکیەکانیش دا ریسوای کردووەو شەرمەزاری بۆ هێشتۆتەوە.

جۆرج بووش بۆ دڵدانەوەی خۆی، قسەکانی مالکی وەک مزاختنی رۆژ لێکداوەتەوەو گوتویەتی کە مالکی خۆیشی دەزانێ راست ناکات ، بەڵام دەیەوێ ئێران رازی بکات، بەڵام ئەگەر بێت و بە قەناعەت و لە دڵەوە ئەو قسانەی کردبێ، ئەوە منیش قسەی دیکەم لەبەرانبەریدا دەبێ!!

ئەو قسانەی جۆرج بووش بۆنی هەڕەشەی لێ دێ، ئەگەر داوای روون کردنەوە لە مالکی بکرێ و ئەویش لە قسەکانی خۆی پاشگەز نەبێتەوە، لەوانەیە کابینەکەی هەڵدەوەشێندرێتەوە.

کابینەی مالکی لە واری کرداریدا دەست و قاچی بەستراوەو لە ناوچەی سەوزدا گیری خواردووە، وەزیرەکانی رەوتی سەدر کە لایەنگری کۆماری ئیسلامی ئێرانن وازیان لێهێناوە، وەزیرەکانی بەرەی تەوافقیش دەست لە کارکێشانەوەی خۆیان پێشکەش کردووە، ئەگەر ئەمریکا ئۆکەی بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بدات، ئەوانیش دەکشێنەوەو پەرێشان تری دەکەن.



زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی عێراق پێیانوایە کە تەمەنی کابینەکەی نوری مالکی چەند مانگێکی دیکە درێژ نابێ و هەڵدەوەشێتەوە، ئێستا بەهۆی هاوپەیمانێتی نێوان ئەنجوومەنی باڵای شۆرشی عێراق (عەبدولعەزیز ئەلحەکیم) و لیستی هاوپەیمانی کوردستان راوەستاوە، ئەگەر ئەمریکا چاویان لێ هەڵتەکێنێ ئەوانیش دەکشێنەوەو پشتی تێدەکەن.

نوری مالکی بۆ خۆی بە سیاسەتکارێکی لێهاتوو دادەندرێ، ئاگای لە بۆچوون و هەڵوێستەکانی جۆرج بووش و حکومەتی ئەمریکا هەیە، ئەی باشە بۆچی سەردانی تاران دەکات و لەبەردەم راگەیاندنەکاندا پەسن و ستایشی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکات؟!

جۆرج بووش و حکومەتی ئەمریکا خۆیان هەڵدەخەڵەتێنن، ئەگەرنا هەم هێزەکانی شیعە هەمیش هێزە دەستەڵاتدارەکانی کوردستان دۆستایەتی و پێوەندی باشیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دا هەیە، هەموویان قەرزاری ئێرانن، لەلایەن ئێرانەوە کۆمەک و هاوکاری کراون، ئەگەر پشتیوانی ئێران نەبوایە ئێستا ئەو هێزەو سەنگیەیان نەدەبوو، کەواتە بە ئاسانی ناتوانن واز لە کۆماری ئیسلامی ئێران بهێنن، تەنانەت رێژەی خۆشەویستی خەڵکی عێراق بۆ ئێران زۆر لە رێژەی خۆشەویستی بۆ ئەمریکا بەرزترە. شیعەکان کە زۆرینەی دانیشتووانی عێراق پێکدەهێنن لەرووی مەزهەبەوە گرێدراوی قوم و تاران، لەرووی هاوسێیەتیشەوە لە ئێران نزیکترن تا ئەمریکا، چونکە عێراقیەکان دەزانن کە رۆژێک ئەمریکا دەڕواتەوە، بەڵام دراوسێیەتی ئێران دەمێنێ و نیشتمان لە ئاسیاوە بۆ ئەمریکا ناگوازرێتەوە.

نوری مالکی ئەو راستیە دەزانێ کە ئەگەر ئێستاش بەهۆی کۆمەک و هاوکاری ئەمریکاوە لەسەر کورسی دەستەڵات دانیشتووە و ماوەتەوە، بەڵام ئەگەر داهاتوو ئێرانی لە پشت نەبێ لەسەر کورسی دەهێنرێتە خوارەوەو راودەنرێ. بەوهۆیەوە دۆستایەتی ئێران بۆ مالکی زۆر لە دۆستایەتی جۆرج بووش و ئەمریکا لە پێش و دێرین ترە.

هەوراز شوانی